- پیاو بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرەیە، بە درێژایی مێژوو جەنگاوەر و ڕاوچی بووە، تا هەنووکەش هەر بە هەمان رۆحی جەنگاوەر و ڕاوچی دەژی
- زۆرن ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لەسەر ئەوە دەژین مەرگ و نەبوون بگۆڕنەوە بە ژیان و بوون. ئەوان بە ناوی بەها پیرۆزەکانەوە ناو لە کاولکاری و کوشتن دەنێن گەڕان بە دوای ژیانێکی جوانتر و پاکتر
- تەماشا بکە ژمارە هەرە زۆرەکەی خۆکوژەکان گەنجی برسی و بێبەشن، پیرەکان خۆیان ناکوژن، هێشتا بە ئومێدن شتێکی تازە ببینن و ببیستن و بڵێن و تام بکەن

لای ئێمە مەرگ سەردار و ئاغایەکی زاڵە بەسەر ژیانەوە

**ئەزموونی نەرێنی**

ئێمە لە منداڵییەوە وا پەروەردە کراوین کە لە ژیان و بوون بترسین، ئەویش لە ڕێگەی خۆئامادەکردن بۆ گەشتی ئەو دونیا، هەمیشە پێیان دەوتین ئەم دونیایە هیچ نییە، فانی و پێچی مێزەرێکە، پووچە، ڕاگوزەرە، خەونێکی کورتە، قۆناغی تاقیکردنەوەی ئێمەیە لەسەر زەمین بۆ ئەوەی قیامەت ببەینەوە، بە تەنها وێستگەیەکە و بەردەبازێکە، ماڵی فیز و هەوایە، وایان فێر دەکردین کە بۆ هەمیشە تارمایی مەرگ وا بەسەر سەرمانەوەیە و لە شادەماری دڵ نزیکترە لێمانەوە، لەسەر خوانەکە و بەر لە خەوتن و دوای بێداربوونەوەش یاوەرمانە، بە ئەندازەیەک کە ئەو پردەی بە ژیان دەمانبەستێتەوە زۆر لەرزۆک و چرووک دێتە بەر چاومان، کە بۆ هەمیشە ئەگەری ڕووخانی هەیە.
هەر ئەو کولتووری مەرگپەرستییە وای کردووە بە ملیۆنەها بە تەنها لە خەمی ئەوەدا بن کە دونیا بۆ ئەوان ببێت بە هەگبە و توورەگە تا پڕی بکەن لە ئازووقە بۆ گەشتی ئەو دونیا، توێشەبەرە و هیچی دیکە. هەر ئەو رۆحەش وای کردووە سادقی هیدایەت بڵێت: خەڵکی لە مەرگ دەترسن، من لە ژیان دەترسم..!
ئەگەرچی سەرزەمینی بوونی ئێمە لەسەر ئەوە وەستاوە پەیوەندیمان لەگەڵ ژیان و خەڵکیدا خۆش بێت، بەڵام خودی ئەو ترسە زۆرە لە ژیان و عاشقبوون بەو دونیا، بەسە بۆ ئەوەی لە خۆمان و هەموو جوانی و خۆشی چواردەوری خۆمان بتۆرێین. ئێمە بەردەوام مۆن و گرژین، پتر لەناو خۆماندا خنکاوین، لە هەموو سەرکێشی و پشکنین و گەڕان و جوانییەک دەترسین، لەو مەردوومانە دەچین کە ماڵەکانیان بە شوورەی بەرز و ئەستوور و دەیەها دەرگای کلیلدراو تەقەت و پارێزراو بن، ئێمە لە هیچە و ئاسان غەمگین دەبین، ئاسانتر دەگرین و بە شەڕ دێین، بۆ ڕق و کینەبازی پێویستیمان بە هۆکار و بڕ و بیانووی زۆر نییە، بە هەزارەها جار لە ژیانی خۆماندا لە کەس و دۆستان و ئەندامانی خانەوادەی خۆمان بیستوومانە کە وتوویەتی: پەحا کە ڕقم لەو خەڵکەیە، لەو کچە، کورە، ژنە یان پیاوەیە. بۆچی..؟ وەڵامەکەی ئاسان و سەیر بووە: نازانم.. هەر لە خۆمەوە.
کەم نین ئەوانەی بە ناوی پاکی و وەدەستهێنانی ئەو دونیا، ئامادەن ڕقیان لە هەزارەها ببێتەوە و هەزارەهاش بکوژن. بە درێژایی مێژوو ئایدیۆلۆژیا ئاسمانی و سەرزەمینییەکان بە ناوی پیرۆزی بەهاکانەوە خوێنی ملیۆنەها کەسیان ڕشتووە، چەندە ئاسانە کە ڕق و کینە و رۆحی شەڕانگێزی خۆمان لە پشت خودا و مارکس ـەوە بشارینەوە، نیشتمان و نەتەوە و پرۆلیتاریا و ئایین بکەین بە بیانوو بۆ گۆڕینی سەرزەمین بۆ کوشتارگە، مەرگچێنەکان بۆ هەمیشە بڕ و بیانووی زۆریان هەبووە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ژیان بکوژێننەوە هەر وەک ئەوەی فانۆسێک دەکوژێننەوە.

ژیان لای ئێمە پتر بۆ ئەوە خۆش بووە کە لە چەوساندنەوە و سزا و کوشتنی خەڵک و خەونەکانیاندا بەفیڕۆی بدەین، بە ناوی ڕەوشتی درۆزن و داڕزیوی سەردەمی بەربەرییەکان، بە ناوی پیرۆزییەکی دەستکرد و ساختە، شکۆمەندییەکی بەتاڵ، نیشتمانێک کە ڕزگاری بکەین لە داگیرکەران، کەچی دوا جار شۆڕشگێڕە درۆزن و پەیمانشکێن و چڵێسەکان بیکەن بە لەوەڕگە و خوانێکی چەور کە وەها نەوسنانە لەو سفرەیە بەر دەبن کە ئیدی سەر بەرز ناکەنەوە تاوەکو ئەو ڕەشە خەڵکە ببینن  کە چاوەڕوانی فریادڕەس بوون.
خودی ئەفسانەی' دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا' چی بوو بێجگە لە تەلبەندکردنی یەکێتیی سۆڤییەت وەک ئەوەی زیندانێکی گەورە بێت بۆ مەردوومەکانی و کوشتنی ملیۆنەها لە داخی ئەوەی لە شۆڕشی سوور تێناگەن.
ئەوەی لەو کارەسات و گاڵتەجاڕییە بەجێ دەمێنێَت بێجگە لە نائومێدی و ئاژاوە و بەدگومانی و بەتاڵی هیچی دیکە نییە، کە بۆ خۆی ترازانی ئێمەیە لە هەرێمی ( بوون )ەوە بۆ هەرێمی (نەبوون)، ئەوەش دەمانگەێنێت بەو قۆناغەی کە هیچی و عەدەم بگۆڕینەوە بە خودی ژیان، لەبری ئەوەی بتوانین ئازا بین و لە هیچ نەترسین و مەرگ نەبێت بە کەڵکەڵەی هەمیشەیی هەموو ژیانمان و باوەش نەکەین بە مەرگدا، بەڵکو خودی زیندەگی دەبێت بە گۆڕەپانی بەزین و نووچدان و پاشەکشێ و ترس لە داهاتوو، هەر هەمووشی بەوە کۆتایی دێت کە وێڵ و سەرگەردان بین وەک ئێستا.
لە ئاکامدا کۆی ئەزموونی تاڵی هەر یەکێکمان وا دەکات کە نەزانین سنووری جیاکەرەوەی بوون و نەبوون وا لە کوێدایە،  ئایا تخووب و دیوارێک لە نێوان ژیان و مەرگدا هەیە کە هەر یەکەیان وەک دۆخێکی سروشتی و بوون بناسین، نەک هێزێکی زاڵ کە شەڕ لەسەر ئەوە بێت کامەیان ئەویدیکەیان دەسڕێتەوە؟ هەڵبەتە لای ئێمە مەرگ سەردار و ئاغایەکی زاڵە بەسەر ژیانەوە.
سیاسەت لە ڕۆژهەڵات و لەم ناوچەیەدا دروشمی ژیانی بەرز کردەوە، گوایە لێرە و هەنووکە بەهەشتێک چێ دەکات، بەڵام هەموو خەون و مژدەکانی بەتاڵ و درۆ بوون، هەمان مژدە و دروشمی 'ژیانێکی جوانتر' لە ژێر قەڵەمڕەوی سۆشیالیزمدا بە کارەساتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کۆتایی هات.
سیاسەت گەورەترین کارگەی مەرگی هەرزان و ملیۆنەها تابووت بوو. لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لە قۆناغ و پێچەکانی مێژوودا، ڕەوشتی سیاسەتباز و جەنگاوەر لە یەکدی دوور نەبوون، هەردووکیان بە زمانی شمشێر وباروود قسەیان لەگەڵ دونیا کردووە.
پیاو بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرەیە، بە درێژایی مێژوو جەنگاوەر و ڕاوچی بووە، تا هەنووکەش هەر بە هەمان ڕۆحی جەنگاوەر و ڕاوچی دەژی، ئەگەر لە سەردەمانێکی دێریندا، لە قۆناغی ئەشکەوت و جەنگەڵنشینیدا، سەروەختی زیندەگی لەسەر میوەڕنین و ڕاوشکاریدا،  بە بەرد و دار هەم شەڕی کردووە و هەم ڕاوی کردووە، کێوی و ئازا بەرامبەر سروشت و هەڕەشە و مەترسییەکانی جەنگاوە، لە دوای دۆزینەوەی ئاسن و برۆنز و بارووتدا جۆرەها چەکی سووک و قورسی دروست کردووە، تا دەگات بە چەکە کۆمەڵکوژییەکان، کەواتە پیاو وازی لە ڕەوشتی جەنگاوەری ئەبەدی نەهێناوە، تەنها چەکەکانی گۆڕاون، بۆ نموونە، لە تیر و کەوانەوە بۆ چەکی ئەتۆمی. پیاو یەکێکە لە گیاندارە هەرە شەڕانگیزەکانی سەرزەمین کە بۆ هەمیشە پڕ و بیانوو دەدۆزێتەوە بۆ خوێنخۆری، ئەوە خودی بنیادەمە کە توانی ئەم ئەستێرەیە بۆگەن بکات!

زۆرن ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لەسەر ئەوە دەژین مەرگ و نەبوون بگۆڕنەوە بە ژیان و بوون. ئەوان بە ناوی بەها پیرۆزەکانەوە ناو لە کاولکاری و کوشتن دەنێن گەڕان بە دوای ژیانێکی جوانتر و پاکتر، بە ناوی دروستکردنی بەهەشتێک لەسەر زەمین چەندەها دۆزەخ لێرە و لەوێدا گڕ دەدەن، بە ناوی بردنەوەی ئاسمان هەر هەموو زەوی دەکات بە سووتماک، خودی ئاسمانیش پڕ دەکات لە دووکەڵ. کەسیش بۆی نییە گومان لەو بنیادەمە مەرگچێنانە بکات کە بە تەنها دیمەنی ئارەقە و خوێن و فرمێسک و ئاگر و دووکەڵ شاگەشکەیان دەکات.
هەر هەمووشی ناو دەنێت پاراستنی ڕەوشت و بەهاکان، دۆزینەوەی مانا تازەکانی ژیان، خۆشگوزەرانی بۆ ڕەنجدەر و هەژاران، پاراستنی نامووسی نیشتمان، بەرگریکردن لە خەڵک و خاک، سەرخستنی کەلامی یەزدان.
کەسانێکی زۆر هەن لەبری ئەوەی کە لە خەمی داهێناندا بن، لە نەبوون و هیچەوە شتێک پەیدا بکەن و بدۆزنەوە، لە ناپەیداوە شتگەلێک پەیدا بکەن، وەک ئەو جادووگەرانەی گەمە لەگەڵ چاومان دەکەن و لەناکاو کۆمەڵێک کەروێشکی زیندوو لەژێر شەپقەکانیان دەردەهێنن، یان کۆترێک و دوووان و دە کۆتر لە بن باڵەکانیان دەردەهێنن، کەچی هەن لەوەدا بلیمەتن کە کەروێشکەکان و کۆترە ڕاستەقینەکان بکوژن. ڕێک وەک ئەوەی بۆ ئەوە دروست بووبن لە وێرانکاریدا داهێنەر بن.
هەڵبەتە بابەتی مەرگ و عیشق، یان شەیدایی مرۆڤ بۆ مەرگ لە ئەدەبیاتی داستانئامێزدا بە 'فیکشنی نێکرۆفیلیا' ناسراوە، لە کۆنەوە ئەو مێژووە خوێناوییە دەگێڕێتەوە کە لەنێوان مرۆڤ و مەرگ و عیشقدا هەیە، کە هەندێک تەنها لە کارەکتەری ئەو ژن و پیاوانەدا کورتی دەکەنەوە کە حەزیان بە جووتبوون و سێکسە لەگەڵ مردووەکاندا. لە ڕاستیدا ڕەوشتی زۆر نەخۆشی تووشبوو بە دەردی 'نێکرۆفیلیا ' سەدەها دەرکەوتە و ڕووی نادیاری هەن کە هەستپێکردنی ئاسان نییە، هەتا گەر دەرکیشی پێبکەین، مەحاڵە دانی پێدا بنێین، یان زۆرینە بێئاگایە لەوەی هەست بەوە بکات کە چەندە مەرگپەرست و گرفتاری نێکرۆفیلیایە:
نێکرۆفیلیا وا لەناو رۆحی ئەو هەزاران مامۆستایانەی کە شێت و شەیدای ئەوەن کچەکان و کوڕە قوتابییەکان غەمگین و دڵڕەنجاو بکەن تا دەگات بەو مەلایەی رۆژی هەینی بەدەم ناڵە و گرینەوە وتار دەدات و قیامەت و جەهەننەم دێنێتە بەردەمی هەمووماں کە زۆرینە ناچار دەکات بدەنە پرمەی گریان. هەموو دیکتاتۆرە چکۆلە و فیلەتەنەکانی ناو مێژووی کۆن و نوێ نێکرۆفیلیی بوون. دیارە کە بازنەکانی رۆحی مەرگدۆستی و سادیزم نێکرۆفیلیا یەکدی دەبڕن و تێکەڵ دەبنەوە.
مرۆڤ، مێ بێت یان نێر، گەر نەیتوانی داهێنەر و ئافەرێنەر بێت لە بوارێکدا، گەر نەیزانی بژی و تامی جوانی بکات، وەک پیشەکار بەهرەی هێنانە کایەی شتێکی تازەی نەبێت، جا دارتاش بێت کە مێزێک دروست دەکات، یان ئاسنگەرێک کە پەنجەرەیەک دروست دەکات، یان شاعیرێک کە شیعرێکی نوێ دەنووسێت، پەیکەرتاشێک و بیریارێک و مامۆستایەک و شوانێک ....هتد، کە هەست بکەن بوونیان مانایەکی هەیە بۆ ئەوانی دیکە، دارێک لەسەر بەردێک دادەنێن، یان شانازی بەوەوە بکەن کە زیندوون و دەتوانن هەموو بەیانییەک کە هەستان لە خەو وا مەزەندە بکەن کە تازە لە دایک بوون. لەوەدایە کە هەرگیز قازانجی پارە و پوول نەگاتە ئەو خۆشی و گەشەکردنە رۆحییەی پاش بەخشین و داهێنان کە لە دڵدا دەگەڕێت.
خەیاڵ و فانتازیا و داهێنان هەوڵێکە بۆ دەرچوون لە بێبەشی و گەیشتنە بە باڵابوون، چەندە مەرگپەرست و بێ کەڵک و دوور لە جوانییەکانی ژیان بین، ئەوەندە غەمگین

و تووڕە و کینەباز و شەڕانگێز دەبین، باوەشکردن بە مەرگ لە نەبوونی ژیانێکەوە دێت کە هەرگیز نەمانبووە. چەندە ترسناکە مرۆڤ بۆ خۆی هەست بکات فەرامۆش کراوە، تیرۆرستە خۆکوژەکان خەڵکی وەکو من و تۆن، تەنها جیاوازیان لەوەدایە کە ناچار بوون لە ڕێگەی مەرگی خۆیانەوە بێنەوە ناو جەرگەی ژیان، یان خۆشخەیاڵن بەوەی مادامەکێ بۆ ئەوان هیچ ژیانێک لە چاوەڕوانیدا نییە: بۆچی نەفڕن بۆ ئاسمان؟ ئەوان تۆڵەی 'هیچ نەبوون لە خودی ژیانێک دەکەنەوە کە بە سووک و کەم و بێ ڕۆح ئەوانی بینی، ژیانێک کە ئەوانی خستبووە چنگی مەرگدۆست و مەرگچێنەکان، تەماشا بکە ژمارە هەرە زۆرەکەی خۆکوژەکان گەنجی برسی و بێبەشن، پیرەکان خۆیان ناکوژن، هێشتا بە ئومێدن شتێکی تازە ببینن و ببیستن و بلێن و تام بکەن: هەر شتێک.

بۆ هەمیشە گەمەکانی زۆر ناشیرینی مەرگچێنەکان کە مامۆستای بلیمەتی کۆکردنەوە و گڕدانی کوڕە لاوە غەمگین و تۆراو و دۆڕاوەکانن، کە دیارە لەمڕۆکەدا خەریکە ژمارەی ئەو کچانەشی تێدەکەوێت کە کەمترین بوار و هەلی ژیانیان بۆ فەراهەم نەکراوە، ئەو خوێنخۆرانە بە ناوی خودا و بەها پیرۆز و پاککردنەوەی زەوی لە پیسی و ' فەساد و فسق و فجوور، هانی کچ و کوڕە بێ سەوادەکان دەدەن، ئەوان کە بە تەمەن و ئەزموونی خۆیان مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر مەرگپەرستی کردووە، چاک دەزانن چۆن چۆنی وانەکانی مەرگ لای ئەو لاوانە خۆشەویست بکەن کە قێز و بێز لە ژیان دەکەنەوە، ئەگەر ئەوەیان جۆرێک بێت لە (جیهاد) و وەدەستهێنانی بەهەشت و خۆشییەکانی، ئاخۆ لە پای چی مامۆستا مەرگچێنەکان بۆ خۆیان پەلە لەوە ناکەن ئەو خەڵاتە مەزنەی ئاسمان بۆ خۆیان بچننەوە؟ ئەوەیان ئەو پرسیارە سادە و هەم گرانەیە کە قوتابیانی مەرگخواز هەرگیزا و هەرگیز ناوێرن ئاراستەی مامۆستا خوێنمژەکانیان بکەن..!